**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی بازرگانی**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان**
**ژمارە ٦/ ١٤٣٠**
**ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٨**

## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٧

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە و پشت بە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو بە بڕیاری ژمارە (٦٤) ی ساڵی ٢٠٠٤ ، وە نـظامی ژمارە (٢) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٠٤/٨/٢ بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاری ئەو کۆمپانیایانەی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد تۆمار کراون وە لق لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایاننەی خوارەوە :

**ڕینمایی یەکان :**

١) پێویستە پشتگیری فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد بێنن لەگەڵ پەسەندکردنی سەرجەم سەرەتاکانیان .
٢) پێویستە پشتگیری لە لێژنەی پۆلێن لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بهێنن.
٣) پێویستە پشتگیری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بهێنن.
٤) پێویستە پشتگیری لایەنی پەیوەندیدارەکان بهێنن.
٥) شوێنی نوسینگەی لقی کۆمپانیاکان نابێت ببێت بە شوێنی نیشتەجێ بوونیان .
٦) دیاری کردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆن و ئیمێل .
٧) پێشکەش کردنی گرێبەستی خانوو ، پەسەند کرابێ لەلایەن باجی خانووبەرە و دادنووسی (کاتب العدل) ئەو پارێزگایە.
٨) هەموو شەش مانگ جارێك سەردانی بەڕێوبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکەن بە مەبەستی کەشف کردنی بارەگاکانیان.
٩) پێشکەشکردنی هەرگرێبەستێك کە کۆمپانیا ئەنجامی دەدات لەگەڵ یەکێك لە دەزگاکانی سەر بە حکومەتی هەرێم.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١٠) ئاگادار كردنى تۆماركارى كۆمپانياكان بە نووسراوى رەسمى پەسەندكراو لە هەر گۆرانكاريەك رووئەدات سەبارەت بە شوێنى نووسينگەى سەرەكى كۆمپانياكە.

١١) ئاگاداركردنەوەى بەڕێوبەرايەتى تۆماركردنى كۆمپانياكان لەكاتى گۆرينى بەڕێوبەرى لقى كۆمپانياكە ، وە هێنانى پشتگيرى لە فەرمانگەى تۆماركردنى كۆمپانياكان لە بەغداد بۆ ئەو مەبەستە و پەسەندكرابێت.

١٢) پێويستە هەموو كارمەندەكان (CV) خۆيان پێشكەش بە بەڕێوبەرايەتى تۆماركردنى كۆمپانياكان بكەن.

١٣) پێشكەش كردنى ئەژمێرەكانى كۆتايى (حسابات ختامى ) لقى كۆمپانيا لە هەولێر وسلێمانى و دهۆك دەكرێتەوە لەگەڵ ئەژمێرەكانى كۆتايى ( حسابات ختامى ) كۆمپانياى سەرەكى واتا (جياكردنەوەى حساباتى ختامى لق) وەپەسەند كرابێت بەپێ ى ياسا لە لايەن ژمێريارى ياسايى يەوە پێش ٨/٣١ هەموو ساڵێك .

١٤) لەكاتى بەسەرچوونى ساڵێك بەسەردامەزراندنى لق و وەبەبێ ئەنجام دان هيچ كارو پرۆژەيەك لقى كۆمپانياكە دادەخرێت .

١٥) پێشكەش كردنى گرێبەستى پارێزەر و پشتگيرى سەنديكاى پارێزەران.

١٦) پێشكەش كردنى گرێبەستى ژمێريار و پشتگيرى سەنديكاى ژمێرياران ، لەگەڵ دامەزراندنى ووردبينى ژمێريارى ( مدقق حسابات) .

١٧) هيچ لقێك بۆى نيە هەستێ بە ئەنجام دانى كارێك كە پەيوەندى و تايبەت مەندى (اختصاص ) كۆمپانياكە نەبێت .

١٨) جێ بەجێ نە كردنى هەرخاڵێك لەم (١٧) حەڤدە خاڵەى سەرەوە دەبێتە هۆى داخستنى لقەكە.

**محمد رؤوف محمد**
**وەزيرى بازرگانى**

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com